ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن !

# یادی سیانزە ساڵەی لەدایک بوونی

# کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

١٠ - ٦ - ١٩٨٣

ئەمرو ١٣ سال تی ئەپەری بەسەر لە دایك بونی کومەڵەمان دا ،کومەڵەی رەنجدەرانی کوردستان •

لە دایك بونی کومەڵەمان زەرورەتێکی مێژووی و پێداویستی گەشەکردنی بزوتنەوەی رزگاری خەڵکی گەلەکەمان بوو ،سەبارەت بەوەی کە چینی کرێکارانی کوردستان و چەوساوەکانی پێویستیان بە بەرزترین رێکخستنی چینی خویان بوو•• پێویستیان بە رێکخستنێك بوو کە لە توانای دابێ ئەرکەکانی قوناغی ئەم سەردەمەی خەبات تا سەر هەڵگرێت و بەرەو پێشەوەی بەرێت و ،زاڵ بێت و سەرکەوێت بەسەر هەموو جورە چەوسانەوەیەك چ چینایەتی بێ یان نەتەوایەتی و ئەو دوو خەباتە بەیەکەوە گرێ بدات و ئەرکەکانی قوناغی رزگاری نیشتمانی جێ بەجێ بکات و کومەڵ ئامادە بکات بەرەو سوشیالیزم و چەوسانەوەی مروڤ لەلایەن مروڤەوە نە هێلێت •

بویە لەم روانگەیەوە ،لەدایك بوونی کومەڵەمان دیاردەیەکی سروشتی کومەڵایەتی و رەنگدانەوەی

زوران بازی چینایەتی و یاسابابەتیەکانی کومەلگای کوردستان بوو لەگەل ئەوەی کومەلەمان هەر لەسەرەتای لەدایك بونیەوە ،توشی چەند دەها گیروگرفت و کوسپ و تەگەرە و نوشستی و هیرش‌و پەلامار هەلتوەج لەلایەن رژیمی فاشستی عیراقەوە بوو‌بیت‌یان کونەپەرستی کوردەوە٠٠ سەرەرای هەموو ئەمانە توانیەیەتی بەسەریاندا زال بیت و بەسەر بەرزی لە مەیدانی خەباتدا دەرچیت و لە بەر تیشکی تیوری شورشگیردا هیلی سیاسی راست و دروست بوقوناغە جیا جیاکانی خەبات دابریژی و دوست و دوژمن بەچاکی دەست نیشان بکات ( لەوەی دوستەکانمان لەرووی بابەتیەوە بەرەی سوشیالیزمە بە هەرسی جولاکەیەوە کەپیك هاتوە لە وولاتانی سوشیالیزم و بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی بن دەست و بزوتنەوەی کریکارانی شورشگیر لە وولاتانی سەرمایەداریدا، و دوژمنەکانیشمان خوی لە بەرەی ئیمپریالیزم و کونەپەرستان و بورجوازی کومپرادوری بیروکراتی دەولەتی و رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ئەبینی ) ٠ لە لایەکی ترەوە هەموو ئەو هیزو چینانەی دەست نیشان کردووە ،کە رولی گرنگیان هەیە لە خەباتدا و،

دەست کەوت و قازانجیان لە سەرکەوتنی شۆرشی
دیموکراسی گەلی دایە کە کرێکاران هێزی سەرکردە
و پێشڕەون و جوتیارانیش هێزی بنچینەیین هاوپە -
یمانی لەگەل بۆرجوازی بچوك و کەسانی نیشتمان
پەروەر و پێشکەوتنخواز و لەگەل دەست نیشان کردنی
ناکۆکیەکانی ناو کۆمەلگای کوردستان و سەرەکی و نا-
سەرەکیەکان و هەلوێست لە هاوپەیمان و دوستایەتی
چینەکان و بەرەی نیشتمانی، لە قوناغی شۆرشی دیمو-
کراسی گەلیدا وهەلبژاردنی شێوەکانی کارکردن و
خەبات لە قوناغە جیاجیاکانی تێکۆشاندا، لەسەرو،
هەموویانەوە خەباتی چەکدار و سەرکردایەتی کردنی
خەباتی ئە قوناغە و جلەوی بزوتنەوەکە لەدەست
چ
هێزێکی چینایەتی دا ئەبێ؟ وە بە چ پارت و ئامراز-
یك سەرکەوتن مسوگەر ئەکرێت؟ کە ئەویش تەنیا بە
سەرکردایەتی چینی کرێکارانی کوردستانە کە نوێنە-
ری بەرهەمی نوێ و خاوەنی ئایدۆلۆژیەتێکی شۆرشـ-
گێرانە یە، کە لەگەل ئاقاری گەشەکردن و رێرەوی
مێژوودا جوتە و بۆ پێشەوە ئەچێ، لە رێگەی پارتی
پێشڕەوی کرێکاران و جوتیارانی کوردستانەوە، پار-
تێك بێت کە لەسەر بنچینەکانی (م-ل) دامەزرا-

بیت •

کومەلە ھەول و تەقەلای فکری و سیاسی زوری داوە لە پیناوی چەسپاندنی ئەو بیر و بوچونانەو قوربانی فیداکاریەکی بی ئەندازەی کردوە لە پیناویاندا و بە دەیان سەرکردەو کادری لی ھاتوی و بە سەدان ئەندام و پالیوراوی بەجەرگی شەھید بوون چ لە خەباتی ژیرزەمینی دا ،یا لە کوری خەباتی سیاسی و چەکداری دابیت • وە ھەمیشە لەریزی پیشەوەی خەباتبوە دژی رژیمی رەگەز پەرستی بەغدا ،سەبارەت بە ھەموو ئەمانە و پشت ئەستوری بە ھیزی لە بن نەھاتووی جەماوەری رەش و رووتی کوردستان و پەیرەوی کردنی تەواوی پرینسیپی پشت بە خو بەستن و سور بوون لەسەر پاریزگاری سەربەخوی ئایدولوژی و سیاسی و ریکخراوەیی خوی ،و خو نەبەستنەوە و گری نەدان بە ھیزە دەرەکیەکانەوە، بونەتە ھوی چەسپاندنی ھیلی سیاسی بیر و بوچونەکانی کومەلە بوتە ھیزیکی مادی لە ناو قولایی جەماوەری وەحمەتکیشانی کوردستان دا • وە ئیستا رولیکی گرنگ ئەبینی لە خەباتی رزگاری خوازی گەلی کوردستان دا و لە

ترازووی هێزی دوست و دوژمندا حسابێکی گرنگی بو ئەکری ۰

## لەی ئازادی خوازانی جیهان ؛

ئەمرو ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەروکایەتی ئەمریکا لە جیهان دا،لە هیرش و پەلاماردانیکی یەکجار درندەو سامنك دایەو هەرەشلە ئاشتی جیهان وپاشەروژی مروف ئەکات و خەریکی هەلگیرساندنی شەرکی ئەتومیە لە جیهان دا و تا دیت زیاتر خویان ئامادە ئەکەن بو ئەوشەرە و چەکی ئەتومی بەرەو پیشەوە ئەبەن و هەرەشە لە بەرەی سوشیالیزم و ئازادی خوای جیهان ئەکەن و بزووتنەوەیکی رزگاری خوازی گەلان نیە ، کە نەخشەو پلانیان بو دانەنابی ، بو گەمارودان و لە بار بردن و زال بوون بە سەریا ،هەر لە بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی سلفادور و گەلانی ئەمریکای لاتینی و نیکاراگوا و خوارووی ئەفریقا ۰۰ تا ئەگاتە سەر روژهەلاتی ناوەراست۰ ۰ کە بایەخیکی تایبەتی و گرنگیان پی داوەو هەموو هیز و توانایە ـ

کیان خستوته گەر بو لە بار بردنی هەموو بزووتنەـ
وەیەکی شورشگیری لە ناوچەکەدا لە سەرو هەمویاـ
نەوە شورشی گەلی فەلەستینی قارەمان و شورشـی
ئازادی خوازی گەلی کورد ستان ٠٠ جی بەجی کەـ
ری ئەم نەخشە و پلانە گلاوانەیان لەریگەی سەگـی
پاسەوانیانەوە ئیسرائیل و تورکیا بە پلەی یەکەم و
رژیمە کونەپەرست و ئەلقە لەگوی کانی عەرەبە بە پلەی
دوەم ٠ ئەوەتا ئیسرائیل بە دەرپەراندنی ریکخراوی
ئازادی خوازی فەلەستین لە لوبنان وازی نەهیناوە
٠٠ تا ئیستا وولاتی لوبنانی داگیر کردووە لەگـەل
ئەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل هەموو مەرجەکانی خویان
سەپاندوە بەسەر گەلی لوبنان دا لە ریگەی رژیمـی
راست رەو و کونەپەرستی لوبنان وبە پالپشتی وولاـ
تانی عەرەبی کونەپەرست و بە کری گیراوی وەکـو
سعودیە و مصر و مغرب و عیراق و سودان و ئوردن
و وولاتانی خەلیج ٠٠٠ لەمەش زیاتر گەرەکیانـە
بە تەواوی ریکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین تەفرو
تونا بکەن و هەندی لە سەرکردەکانیان رابکیشن بـو
پروژەی ریگن و کەنارکردنیان لە لوبنان و پاشانیـش
ئیعتراف کردنی بە ئیسرائل بی ئەوەی بچوکتریـن

بازیه وه دەسەلات بگرنه دەست له ئیران دا وه نفوزی ئەمریکا بگەریتەوه ئیران ،شورشی گەلانی ئیران توشی شورشی چەواشه بیت. وه یان رژیمی ئیران به هوی پیوستی به چەك و یەدەك و بار و بوی جەنگ بو بەریوه بردن و دریژه دان بەو کەسەر شورکات بو داخوازیەکانی ئیمپریالیزم و لە دەست دانی دەسکەوتەکانی شورش و دوراندنی سەربەخوی سیاسی لەکوتاییدا له بارچونی شورش ،ئەوەش بەدەست گرتنی لایەنە کونەپەرستە مافی گەلی فلەستین بیتەوەی تەنیا کردنەوەی سوریا ئەلقەیەکی تری نەخشەکەیانە کەئیستا ئیسرائیل بە پالپشتی ئەمریکا هەرەشه و گورەشەکات و خوی ئامادەشەکات بو شەریکی تازه وکاول کەر لەگەل سوریادا . لەلایەکی ترەوه تا دیت جەنگی عیراق و ئیران دریژه ئەکیشی ،بەدەیان هەزار رولەکانی عیراق و ئیران بونەته قوچی قوربانی شەریکی نارەوا که عیراق به فیتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و رژیمه کونەپەرستەکانی ناوچەکه بەرپای کردووه .. بو ئەوەی ریگا خوشکات بو هیزه کونه ـ پەرستەکان و نوکەرەکان له ریگای کودەتای سەر ـ

کان بە سەر رژیم دا ، وە سەرەتای ئەمە روژ بە روژ لە زیاد بون دایە .. لە ئەنجامی ئەم شەرە دا ئا بوری هەردوو وولات تیکوپیك شکاوەو ، گەلانی هەردوو وولات بەدەیان سالی تر لەژیر باری قەرز و قولەی ئەم جەنگە نا رەوایە دا دەرناچن . سەدامی خوین ریژ عیراقی بە تەواوی بە ستوتەوە بە پاشکوی وولاتانی ئیمپریالیزم و رژیمە نوکەرەکانی ناوچەوە . وە یەکیکە لە جی بەجی کەرەکانی نەخشە و پلانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ناوچەکەدا .. دەرامەتی گەلانی عیراقیش بە تایبەتی چینە زەحمەتکیشەکانی تا بیت بەرەو خراپتر دەروات .. بی کاری و برسیتی و نەبوونی دیاردەیەکی ناوە وەی عیراقە .. نرخی هەموو کەلوپەلیك و شتیك بە شیوەیەکی خەیالی بەرز بوتەوە ، بە تایبەتی پیداویستەکانی ژیان ریژە ئینفلاشیون گەیشتوتە ٤٠٪ ، بەرهەمی کشتوکالی و پیشەسازی بە جاری هاتوتەخوارەوە و لەنرخی نەبوون دایە .. زووربەی زوری کریکاران و جوتیارانی عیراق بەزور کراون بە سەرباز بو قادسیەکەی سەدام .. هەموو ئازادی و سەربەستی یە دیموکراتیەکان لە گەلانی عیراق زەوت

كراوه و هيزيكى سياسى نيه كه بهر پهلامارى ئـهم فاشستانه نهكهوتبيت وبه ئاگر و ئاسن لى ى نهدرابيت و ههولى تهفر و توناكردنى نهدرابيت ٠٠ لـه لايهكى ترهوه بو ماوهى حهوت سال ئهچى جهنگيكى نارهواى رهگهز پهرستانه و شوفينيانهى بهسهر گهلى كورددا سهپاندووه ،بهنيازى تواندنهوهى گهلى كورد له بوتهقهى گهلى عهرهبدا ،بو ئهمهش ٣/١ ى سوپاكهى له كوردستاندايه ، ههردهم ههرهشهى مهرگ له جهماوهرى رهشو رووتى كوردستان ئهكات ، به توپ باران كردن و به بوردمان و كوشتن و برين و ههلواسينى سهدان رولهى بهجهرگى گهلهكهمان و به گرتنى ههزارانيان و به راگويزانى سهدان گونـدو ههزاران جوتيار له شوينى باوباپيرانيان ، وهلامى داوارهواكانى گهلهكهمان ئهدهنهوه ٠٠

## ئهى جهماوهرى گهله قارهمانهكهمان :

له كاتيكدا رژيمى ديكتاتورى بورژوازى بيروكراتى عيراق،ههتا ديت دهستى چهپهليان دهكهويته روو ، پهرده لهسهر رووى راستى خويان لائهبهن و فيل و تهلهكه بازيهكيان بو گهلانى عيراق ناوچه

روونتر و ئاشکراتر دەبیت، چ لە رووی دەست تیکەلاو کردنیەوە بی لەگەل ئیمپریالیزم و رژیمە کونە پەرستەکان چ لە رووی پشت کردنە مەسەلەی فەلەستین و پەسەند کردنی پروژەی ریگن لە رووی ناوەروك دا، و ئامادە بوون بو ئعتراف کردن بە ئیسرائیل .. خەریك کردنی سوپاکەی بە شەری ئیرانەوە وەکو بیانوییەك بو ئەوەی کە ریگەی بو خوش بیت تاقە سەربازیك نە نیریت بو شەرکردن لەگەل ئیسرائیل هەر وەك سەدام بە بی شەرمانە ئەمەی راگیاند (( پیویستە ئەوە بلیین کە سوپایەکی زیادەمان نیە کە بینیرین بوبەرەیەکی تر "واتە سوریا" لە کاتیکا کە شەر ئەکەین لەگەل ئیران دا(٠٠)) - گوڤاری (الوطنی العربی) قسەکردنی سەدام ەگەل گوڤاری ٥٢٦ الوطن العربی، ١٤/٥/٨٣ -

چ لە رووی سیاسەتی ناوخووەییت بەرامبەر کورد و هیزی بەرپەرەکانی رژیمە .. یان تیشکاندنیان بی لە شەری عیراق و ئیران دا وە تادیت زیاتر دائەبرین لە جەماوەر و بەرەو لاوازی ئەرون لەگەل هەموو ئەو پشتیریەی کەئەکرین وولاتانی ئیمپریالیزم و وولاتانی حەلیجەوە .. بەرامبەر بەم بارەش هیزی

بەربەرەکانی رژێم لە زور بوون و پەرەسەندن دایە و
هەولی جدی ئەدری لەلایەن هیزە پیشکەوتنخواز
و نیشتمان پەروەرەکانەوە کە بەرەیەکی فراوان لە
عیراق دا بێتە دی ، ئەرکی سەرشانی روخاندنی
رژێم و هینانە کایەی حوکمێکی دیموکراتی ئیتلافی
یە کە مافی چارەنووس بو گەلی کورد مسوگەر بکات.
وە لەم رووەوە هەول و تەقەلایەکی زور دراوە کە
ناکوکی و ناتەبایی ناوهیزو سیاسیەکان بنرێتە لاوە
بو هینانە دی ئەو ئامرازە گرنگەی خەبات کە
بەرەی نیشتمانی یە ، وەیەکیتی نیشتمانیی
کوردستان سەنگ و قورسای خوی بو ئەم کارە پیروزە
خستە کار و بەدیدیکی زانستی و فراوانەوە چاوی
لە رووداوەکانی پیشو و پوشی بو خزمەتی یەکیتی و
هاوکاری نیوان هیزو نیشتمانیەکان ئەوە بوو بەرهەمی
ئەو هەلویستە شورشگیرانەی ، سالی پار بەرە
و پیشەوە چونیکی باش هەبوو لە پەیوەندی نیوان
هیزەکانی سەر ساحەی کوردستان و عیراق ،بەتایبەتی
ریکەوتنی مەیدانی نیوان ی.ن.ك و
"پ.د.ك "حدك" لەلایەك ،دەرچونی بەیانی
دووقولی نیوان ی.ن.ك و "حشع" وگەلەو

گو وه و چاوپیكەوتنی لەگەل " حسك "یشدا لە لایەكی ترەوە.. بە مەبەستی ئەوەی كە رووی چەك و خەباتی هەموو لایەك رووبەرووی رژێمی فاشستی عیراق بكرێتەوە..

ئەگەر چی ئەو لایەنانەی " پ.د.ك " و "حشع" و " حسك " ئیلتیزامیان بە و ڕێكەوتن و بەیانانەوە نەكرد و ،چەندین ڕووداوی ناخۆش ڕوویداو كوسپ تەگەرەیان خستەڕێی جێبەجێ كردنیانەوە... لەگەل هەموو ئەمانەشدا ی.ن.ك لەگەل لایەنە خێرخوازەكانی تری بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلانی عیراق و ناوچە سوور بوو لە سەر هەول و تەقەلا بۆ هێنانەدی بەرەیەكی فراوان لە عیراق دا، ئە هەلوێستە شۆرشگێرانەیەی ی.ن.ك جێی ڕەزامەندی جەماوەری گەلەكەمان بوو.. زۆر بە خۆشی ودلێكی پڕ لە هیوا وە پێشوازیان لەو هەلوێستە مەبدەئیەی یەكێتیی كرد.. ئەوە بوو بەرە ١٩ قولیەكەی طرابلس لە مانگی شوباتی ئەمسالدا ، بەرهەمی ئە و هەول و تەقەلا و تێكۆشانە بوو.. كەچی سەیر ئەوەبوو لە كۆبونەوەی دووەمی بەرەكەدا لە شام "حشع" پەشیمان بووەوە و نەهاتە ناو كۆبونەوەكە... بە بیانوی

ئەوەی کە ئەوان نایانەوی بەشدار بن لە بەرھەمەکی وا
فراوان دا !! (( گوایە چەندین گروپی دروست
کراوو بچوکی جوراو جوری تیایە ، بە قسە "حشع"))
ئەمە لە کاتیک دا حشع خوی دەستیکی بالای ھەیە
لە دروست کردنی گروپی بچوکدا و ھەر یەکە لەژیر
جورە ناونیشانیکدا .. لە ھەمان کاتیشدا بە دریژ-
ای کاتەکانی پیشو "حشع" خوی ھەلگری دروشمی
بەرەی وا فراوان بوو ... کەچی کەھاتە سەر واقع
وا بە زووی پاش گەز بووەوە...! وەکو ئەخشیمەکی
دراسەت کراو لەلایەنەکانی "جود" وە بو تیکدانی
ئەوبەرە فراوانە دوابەدوای "حشع" م.پ.د.ك "
" حدك " یش پەشیمان بووە وە بە بیانوی ئەوەی ئەو
لایەنەی کەیارمەتی یان ئەدا قبول ناکات کە ئەوان لە
بەرەیەکی وا دابن.. !دیارە ئەمەش ھوی بوونی
خەلکی کونە نوکەری رژیم و بیگانە یە لەناو سەرکردا-
یەتی ئەو ھیزانە دا و پەیوەندیانە بە ھیزە دەرە -
کیەکانەوە ، جولانەوەیان وەك داشی دامە لە لایەن
ئەوانەوەیە بەپی ی بوچونەکانیان و ھەلویستیانە لە
بزووتنەوەی رزگای خوازی گەلی کورد و گەلانی عیراق
و بویە ئەك ھەر بەرەکی فراوانی نەھینرایە کایەوە ..

بەلکو ئەنجامەکەی پال پێوەنان و فوتی کردنی لایەنەکانی (جود) بوو لە لایەن هێزە دەرەکیە - کانەوە دژی ی.ن.ك و جارێکی تر گڕی شەڕی ناوخۆیان خۆشکرد و بەدەیان ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان لەم شەڕەدا شەهید بون، لە کاتێکدا هەق وا بوکە لەشەڕی دژی ڕژێمدا شەهید بن نەك لە شەڕی ناو خۆدا .. لێرەدا بەدەیان پرسیار بەرامبەر "حشع" خۆی قوت ئەکاتەوە.. وە یەکی لەو پرسیارانە ئەوەیە کە کاتێك "حشع" لەگەل پارتی بەعسی عەفلقی دا لە بەرەدا بوون هیچ بە فسا- شستەکانیان ووت پارتیە کوردیە کارتونیەکان (عزیز عقراوی و ملا ماتور و شێخ ستار) پارتی کارتونین؟! لەبەر ئەوە نایەینە بەرەوە لەگەلتان؟ وا ئیستا لە دانیشتن و قسەکانتاندا ئیتهامی ۆری لایەنەکانی بەرە ١٩ قولیەکە ئەکەن بەوەی گوایە ئەمانە زوریان گروپوو رێکخراوی دروست کراو و داتاشراوون؟ بۆیە لەگەلیان ناچنە بەرەوە..! لە کاتێکدا کە بساری هێزەکانی ئۆپوزسیونی عیراق بەم شێوەیەی ئیستا ئەنجامی رەنگدانەوەی باری بابەتی و خۆیی بزوتنە- وەی رزگاری خوازی گەلانی عیراقە بەتایبەتی و سە-

رجمم بزوتنەوەی رزگاری خو ازی گەلانی جیهانە بە گشتی • ئایا باری بزوتنەوەی رزگاری خوازی فلەستین و ڤیتنام و کامبودیا و نیکاراگوا و ئیران ••هتد وا نە بوون و ••؟ باشە کاتیک کە ئەیان ووت لە جیاتی ئەو بەرە فراوانە بالیژنەی تەنسیق دروست بیت لە نیوان هەر دوو بەرەدا (جوقد) "جود"ئەی لایەکانی هەردوو بەرە ئەندامی ئەو بەرە فراوانەی طرابلس نەبوون؟ یان بەلای "حشع"ەوە کو -کردنەوەی فراوانترین جەماوەری خەلك لەبەرەیەکی فراوانی یەکگرتوودا لە ریگەی هیزە نیشتمانی و پیشکەوتنخواز و دیموکراتوو نیشتمان پەروەرەکانیەوە ، کە نوینەری هەموو چین و تویژ و دەستە و تاقمە کومەلایەتیەکان بن و قازانج و سودیان هەمی لە رووخاندنی رژیمی دیکتاتوری فاشست و ئەلقە لە گوی ئیمپریالیزم لە عیراق دا ، کاریکی پیروز و ئەرکیکی میژووی ئەم قوناغە نیە! کە تاقە چەکی کاریگەرە بو رووخاندنی رژیم ••

- پرسیاریکی تر کە هەر رووی "حشع" ئەگەریتەوە•• ئەوەیە کە ئەگەر ئەم بەرە ١٩ قولیە زور فراوان بوو •• خو دووسال لە مەوبەر ،بە نیکوشا-

نى هەموولايەك (جوقد) لەدايك بوو ئەى بوچى هەر دووهەفتەى نەبرد "حشح" بەرەيەكى ئينشقا-قيان دروستكرد بەناوى "جود" وە.. ؟ گوليە "حدك" لە(جوقد) دا نيە ئەمە لەكاتيك دا كە يەكى لەبريارەكانى (جوقد) ئەوە بوو كە هەول بد-ريت پەيوەندى نيوان ى.ن.ك و "حدك" چاك بكريت و زەمينە خوش بكريت بو ئەوەى ئەوانيش بينە بەرەكەوە ..

لەلايەكى ترەوە "حدك" نايەتە بەرەكەى طرا-بلسەوە، بە ئاشكرا ئەلين پەيوەندى و ئيلتزامى خويان هەيە لەگەل هەندى لايەنى دەرەكيدا وەئەوان رازى نين بەو بەرەيە، ئايا "حدك" بەم شيوەيە ديد و ئيشكردنە هەمان تەجروبەى پيشو و دوبارە ناكاتەوە؟ كە چارەنووسى شورشيان بەستبو وە بە هيودەرەكيەكان و پيلانەكانى ئەوانيان جى بەجى ئەكرد .. بو يە سەرگەردانى و كويرەوەرى و بەفيرو چونى رەنج و خەباتى چەندين سالى گەلەكەمان بەرهەمى ئاشبەتالە ئابرو بەرەكەى سەركردايەتى خيلەكى و بورجوازى راست رەو بو!! ئەمە لە كاتيكدا هەلويستى "حدك" كاريكى سەير نيە و

ئاسایی یه وه لهم روو دانهوه خاوهنی میژوو یهکی
رهشن بهلام " حشع " بو؟ خو خویان به پارتیه-
کی کومونیست ئهزانن و دائهنین پارتی کومونیستیش
جی و ریی خوی و پایهگای لهکومهلدا دیاره و ههلو-
یستهکانیش ئهبی به پیی مارکسیزم ـ لینینزم ببی
نهك پیچهوانهیان .. شوینی ئهوان بهرهی گهله نهك
پیچهوانهکهی .. چ ههلویستیکی سیاسی و فکری
و ریکخراوی "حشع " لهگهل ئهم بوچونانهی "حدك"
دا ئهگونجی یان چ خزمهتیك به هیلی سیاسی خو-
یان و دوستهکانی ناوهوه و دهرهوهیان ئهکا ؟ !یان
ئهوهتا " حشع " حهزیان لهبهره یا وهکو ناوهکهی ،
نهك وهکو ئامرازیکی کاریگهر بو روخاندنی رژیم .. .
زور جار سهرکردایهتی یهکانیان و قهواعدیان ئهلین
ئیمه ئیستا سهرکردایهتی " جود " ئهکهین .. به-
لام لهبهره فراوانهکهدا ئهو دهورهمان نابیت و ریش
سپیه تیمان پی نابری ... )) ئهگهر ئیستا " حشع "
بیر له سهرکردایهتی بهرهیهکی نهوکی وهکو " جود "
ئهکاتهوه ئهی بوچی که چوونه بهرهوه لهگهل رژیمی
سهدام دا سالی ١٩٧٣ بیریان له سهرکردایهتی
نا نهتهوایهتیهکهیان نهکردهوه .. سهرکردایهتی

سەدام یان قبول بوو، دەهولیان بو " حزب ال-
قائد " لی ئەدا و... بەمەشەوە رانەوەستان.. ئە
یا ووت عیراق و رژیمەکەی بەرەو سۆشیالیــــزم
ئەروات له کەچی ئیستا لە بەرەیەکی فراوانی نیشتمانی
دژ بە رژیم دا بەشداری ناکەن و گوایە سەرکردەنا-
بن تیا یا.. ئەمە لەکاتیك دا کە گەلانی عیراق تووش
شی درندەترین رژیم هاتووە و لەژیر باری ئازار و ئە
شکەنجە و مال ویرانی و نەبوونی و کوشتن و بریــن و
گرتن دا ئەژی، چاوەروانی هیزی بەربەرەکانین کــە
هەموو بەیەکەوە خەباتی تەواوەتی و جدی بدەن بــو
روخانی رژیم و رزگار کردنیان لەو مینەتیە.دیـــاو
لای " حشع " مەسەلەی روخاندنی رژیم گرنگ نیە
مەسەلەیەکی ناوەندی یە، تەنها جاری بایەخ دانە
بە سەرکردایەتی بەرە.. وەکو تازە بیریان کرد بیتە
وە.. با ئەو بەرەیەش سەنگ و قورسایی یەکـــــی
ئەوتوش نەبی، سنورەکەیشی لە وولاتیکی دراوسیە و
لە باشترین حالەتدا لە کوردستانی عیراق تـــــی
ناپەری. جگە لەوەی کە "حدك" هیچ روژیك لــە
روژان دید و بو چوونەکانی " حشع " ناسەلمینی
لە کاتیك دا نەبی کە لە بەرژەوەندی خوی بـــــی

و بەسەر • بە داخەوە " حشع " بە دیدیکی شکلـی یەوە ئەروانیتە مەسەلەکان وە هیچ رابردوو بە ئیستا و ، ئیستاش بە داهاتووەوە نابەستیتەوە سەیری میژ- ووی پەیوەندی و سروشتی چینایەتی " حدك " و سەرکردایەتیەکەی ناکات• چاوی خویان ئەنوقینن لە راستی پیوەندیەکانیان ئەوە نابینن کە تەرازووی هیز- زەکانی سەر ساحەی کوردستان بە قازانجی "حدك" بە هوی یارمەتی بیگانەوە ،ئەو کاتە بە هیچ جوریـك سەیری دید و بوچونەکانی " حشع " ناکەن ،نـە لە مەسەلەی هاوپیمانی و بەرەدا ،نە لە چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی و• چینایەتی دا ،نە لـــە دروشمی روژانەو تاکتیك دا • چونکە " حدك " تاکتیك و ستراتیژی بیگانە جی بەجی ئەکەن نە ك هی خویان وە هەر روژە لەژیر پەردەو ناونیشانیك دا •• وە لەم رووەوە هەق وایە " حشع " دەرس لە " تودە " وەرگریت بە هەلەکانی پیشوی خویان و " تودە " دا نەچیتەوە وەك ئەوەی " تودە "هیچ جورە دەرسیکی لە رابردووی " حشع " وەرنەگرت بە هەمان کویرە ریگەی ئەمان دا رویشتنەوە وە (سەر- دەمی قاسم و عارف و سەدام••• هتد ) ئەگەرچـــی

لەو باوەرەدا ین کە داواکردن لیبیان کە دەرس و پە-
ند لە رابردو و لەو مەسەلانە وەرگرن سودی نابـــی
سەبارەت بەوەی کە ئەوە نەهجیکە لە جیهاندا پەیرە-
وی ئەکریت ،جا ئەمە لەلایەن پارتی کومونستی مصرە
وە یا ئەندەنوسی ،یائیران،یا عیراقەوە بو بیت.. هتد
ئەگینا کەی بوە یەکی لەم پرتیانە دەست لە هاوپیمانی
هیزە برجوازیە راست رەو و کونە پەرستەکان هەلگرن
و بە سەرکردایەتیان رازی نەبن !؟ ئەگەر بە ئاگرو ئا-
سنیش پەلاماری هیزە پیشکەوتنخوازەکانیشیان دا-
بی هەر دەم هەموو مەسەلەیەکی چینایەتی و نەتەوا-
یەتیان پی شیل کردبیت. . یان ئەوەتا بورژوازیە-
تی راست رەو و کونەپەرستان دەستیان لەمان هەل
گرتووە ... ! حەلکردنی پارتی کومونستی مصری لە
لایەن حکومەتی مصرەوە نەبو ؟ سوکارنو دەستی لە
کومونیستەکان هەلنەگرت؟ دەولەتی ئیران دەستی
لە تودە هەلنەگرت یا تودە دەستی لە کوماری ئیە-
سلامی هەلگرت ؟ قاسمی دیکتاتور و بەعســـی
عەفلەقی دەستی لە " حشع " هەلگرتیان بــــە
پیچەوانەوە؟ خو " حشع " دوای سالیکیش لـــە
دەرکردنیان لە " بەرەکەی صدام " دا هەر درو-

شەی " انهاء الحکم " کوتایی هینان بە حوکم " یان هەلگرتبوو نەك روخاندنی رژیم ،بە نیازی ئە-وەی جاریکی تریشدوای هەندی رتوش‌کردنـــی رژیم و رەخنەی شەرماوی بە یەك شاد و شوکر ببنەوە " شهر العسل " جاریکی تر دەست پی بکاتەوە •
دیارە فاشستەکان بەمەش‌رازی نەبوون •• بو بـــە ناچاری لە ژیر زەختی هیزە بەرپەرەکانیەکانی عیراق دا ، دروشمە کەیان گوری بو رووخاندنی رژیم ••کە لە ناوەروك و راستی دا بروایان پی‌ی نیە•• و دوای رووداوەکان ئەکەون وبزانن روژگار چی ئەهینیتـــە پیشەوە! هەر لەم روانگەیەشەوەیە کە نەك هەر هە-ولی جدی نادەن بو رووخاندنی رژیم بەلکو بەرە-نگاری هەموو هەول و تەقەلایەکیش‌ئەبنەوە کە زامنی روخاندنی رژیم بیت و ناخوان هیچ بەرەیەکی فراوان و کاریگەر لە عیراق دا بیتە کایەوە • وە بو داپو-شینی ئەم هەلوستەشیان خەریکی ئاژاوەو بە هیـــز کردنی ناکوکیە لاوەکیەکانن لە نیوان هیزە کورد ستا-نیەکان و هیزی ئوپوزسیونی عیراقدا • هەمیشە هە-ولی ئەوە ئەدەن کە پال بنین بەلایەنەکانی تـــری "جود "ەوە بو ئەوەی بچن بەگژ ی.ن.ك و پاتند

شان خویان بکەن بە کوتری ئاشتی و هەولی چـاك
بوونی نیوانیان بدەن ** بەمەش بە خەیالی خـەوی
خویان جلەوی سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاری خوا-
زی کورد و گەلانی عیراق ئەگرنە دەست! لەم رووەوە
نامەیەکی هاوری ئەحمەد بانی خیلانی گیراوە کـە
ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لی پرسراوی مەکتەبـی
عەسکەریانە، بو مەسعود بارزانی نووسیوە داوا لـی
ئەکا کە هیزیکی گەورەیان بو بنیرن، فرسەتە بـو
ئەوەی هیرش بەرنە سەر هیزەکانی ی.ن.ك وسە-
رکردایەتیەکەی، کە ئەمە بەلگەیەکی زیندوە لەوەدە-
یان بەلگەو رودا وانەی کەلامان هەیە لەسەر هەلوی-
ست و رەفتاری "حشع" ئەمە جگە لە چەك کردنی
پیشمەرگەکانی ی.ن.ك لە لایەن "جود" ە وە
هەرکاتی زانی بیتیان دوو سیٚ پیشمەرگەیەك بـە
یەکەوەن و دوورن لە هیزەکانی ی.ن.ك موە بـە
هیزیکی گەورە پەلاماریان داون و چەکیان کردوون و
زووریە جاریش بە غەدر شەهیدیان کردوون ٠ ئەوەی
ئاشکرایە زور لە میژە وە لایەنەکانی "جود" پیلان
و نەخشەیەـــان داناوە بە پالپشتی هیـــــزی
دەرەکی، بو هیرش کردنە سەر هیزەکانی ی.ن.ك

و بە خەیالی خۆیان بو لەناو بردنی ٠٠ هەروەکو لە نامەی ئیدریس بارزانی دا کەبو " حشع " ی نووسیوە کە تفاسیلی هیرشەکە و کات و سەعاتی تیایە٠ وە ئەم نامەیە ئیستا گیراوە لەبەر دەست دایە ٠

ئەم جورە کرداراتەی " جود " بوتە هوی پیک دان و لیک دانی هیزەکانی ی٠ن٠ک لەلایەک و هیزەکانی "جود" لەلایەکی تر کە بونەتە شەهید بوونی دەیان پێشمەرگە لە شەری ناوخـودا نەک لە شەری روخاندنی رژیمی رەگەزپەرست و فاشستدا ٠ لە کاتیک دا ئەم رووداوە ناخوش و دل تەزینانە هەیە کومەلەمان و هاوپیمانەکانی لە ی٠ن٠ک دژی دریژە دانە بەشەری ناوخو لەو روانگەیەوە کەچارە سەرکردنی ناکوکییەکانی نیوان هیزە سیاسیەکانی سەر ساحەی کوردستان بە چەک چارەسەر ناکری و ئەبیتە هوی لاوازی ٠هیزە نیشتمانیەکانی کوردستان و هیزی بەرەیەکانی عیراق ، دوژمنەکانی کورد و گەلانی عیراق و رژیمی سەدام سودی لی ئەبینی ٠٠

بو یە داوا لە هەموو هیزەکان دەکەین کە ناکو-

کیەکانی ناوخۆمان بەشێوەی ئاشتی و ووتو وێـــژی دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت و هەموو لایەك بـــە ئەرکی مێژوویی خۆی بزانێت و هەول بدات بۆ هێنانەدی مستلزەماتی لە لایەن خۆیەوە بە زوویی ،چی تر چەك حەکەم نەبی لەلایەلاکردنی ناکۆکیەکان ∙بەلکو بەرژەوەندی گەلانی عیراق و بزوتنەوەی رزگـــاری خوازەکەی لە سەر و بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی و تاقم گەریەتی یەوە بێت ∙ تێکۆشانێکی بێ سنور بکرێت بۆ هێنانەدی بەرەیەکی نیشتمانی فراوان کـــە ئامرازێکی نیشتمانی شۆرشگێڕییەت بۆ روخاندنی رژێمی فاشستی بەغدا و هێنانەسەرکایەی حوکمێکی دیموکراتی ئتلافی کە گەلی کوردستان بە مافی چارەنووسی خۆی بگات∙∙

## ئەی هێزە شۆرشگێرەکانی جیهان!

بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی عیراق و گەلی کورد بە تایبەتی لە بەردە هێرش و پەلاماردانـــی درندانەی رژێمی فاشستی عیراق دا یە بەیارمەتی ئیمپریالیزمی جیهانی کونەپەرستانی ناوچەکە∙∙بە تایبەتی حوکمی جونتای تورکیای فاشست و رەگـــەز

پەرست کە بێ شەرمانە بەراوێز کردن لەگەڵ ڕژێمی
سەرکوتکەری عێراق دا چەندین هەزار سەربازی
هێناوەتە کوردستانی عێراق و بۆ پەلاماردانی
پێشمەرگەی کوردستان و لە بار بردنی بزوتنەوەی
ڕزگاری خوازی گەلی کورد بە مەش پیمانی سعد
ئاباد و سنتوی شووم زیند و ئەکەنەوە .. بە دەیان
گوندیان لە کوردستانی عێراق و تورکیادا سوتاندوە
و ڕاگوێزاوە ، بە سەدان ژن و مندال و پیریان
کوشتوە و بە هەزارانیش خەلکی جوتیاری بێ گوناهیان
گرتوە ... وە هەتا ئێستاش سوپای تورکیای داگیرکەر
لە کوردستانی عێراق دا ماوەتەوە ئەگەرچی پروپاگەندە
ئەکەن لەوەی کە گەڕاونەتەوە .. لە کاتێکدا کومەلەمان
و ی.ن.ك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، ئەو
کومپرومیسەی نێوان تورکیا و عێراق ، ئەو هێرش و پە-
لامار و داگیرکردنە ئیدانە و مەحکوم دەکات لە
هەمان کاتیشدا ئامادەیە لەسەر بستێکی خاکی
کوردستان هەزاران پێشمەرگەی خۆی بە شەهید کر-
دن بدات و دەرسێکی وابدات بە فاشستەکانی هەر
دوو وولات کە وەکو داستان بیگێرنەوە .. وە هێزە-
کانی خۆی لە خزمەت بەرگری کردن لە بزوتنەوەی ئا-

زادی خوازی گەلی کورد و بەرگری خاکەکەی دابنی و هەموو ناکوکیەك بخاتەلاوە لەگەل هیزەکانی سەر ساحەی کوردستان و کوردستانی عیراقی بو پوچ کردنەوەی پیلانی نیو دەولەتان و داگیر کەرانی کوردستان وەسل لە هیچ جورە قوربانیەك لەو پیناوە دا نەکاتەوە ٠٠ لەلایەکی ترەوە داوا لە هەموو ئازادی خوازانی جیهان ئەکات بەتایبەتی بەرەی سوشیالیزم بە هەرسی جوراکانیەوە کە بە ئەرکی ئینترناسیونالی و مەوقایەتی خویان هەلسن وچی تر بی دەنگ نەبن لەو هیرشە نارەوایە بو سەر بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان و عیراق ، دەنگی نارەزایی خویان بەرز کەنەوە و دژی ئەو پلان و نەخشە گلاوانە ببنەوە ٠٠ وەپشتگیری و یارمەتی دەری مادی و مەعنەوی تەواوی بزوتنەوەی نیشتمانی گەلانی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بن ، بو ورد و خاشکردنی ئەو نەخشەوپلانەی ئیمپریالیزم دار و دەستەکانیان بو سەرکەوتنی شورشی گەلانی عیراق بە سەر رژیمی دیکتاتوری فاشستی عیراق دا ٠٠ گومانی تیا نیە سەرکەوتنی شورش لە عیراق دا بە قازانجی سەرجەم بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی

ناوچەو جیهانە ، بەمەش ئیمپریالیزم یەکیك لە بنکەکانی
لەکیس ئەچیت و تەوژمیکی چاك ئەدات بە بزوتنەوەی
شورشگیری گەشەکردنی .. تەرازووی هیزەکانیش بــە
قازانجی بەرەی سوشالیزم ئەگەریتەوە

- هەربژی یادی ١٣ سالەی کومەلەی رەنجدەرانی
کوردستان .

هەواڵنامەی کتێب

کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان
ریکخراوی دەرەوە

١٠/٦/١٩٨٣

هەواڵنامەی کتێب